# کچە ئازادەکە

کازیوە سالح

ب ێ باکانە دەستی دایە هەگبەیەکی قورسی هێندەی قورسی خەمەکانی هەموو مرۆڤ، بەو هەگبەیەوە، ئەم ویستگە بۆ ئەو ویستگە دەگەڕێت و دەیەوی بە ووشە گوزارشت لەو غەمە قورسەی مرۆڤ بکات، هەڵمی ووشەکان بەرز بوونەوەو لەگەڵیدا چەپڵە ڕێزان و ئافەرین، کە ووشەکان بوون بەرستەو پەرەگراف و لاپەرەو نزیکترین هاورێی پێی گووت:-

- تۆ بۆ خۆت و خۆشنودیەکانی ژیان ناژیت، بۆیە لێرەوە ئێمە مال ئاوایت لێ دەکەین.

* * * * * *

بێ باکتر لاپەرەکانی کۆکردەوە بوون بە سکالاو یەخەی چەوسێنەرەکانی دەگرت، بوون بەنامە، بە کتێب و مینبەرەکانی کرد بە مال بۆ هاوارکردنێکی ئیجگاری، هاوار کردنی یەکسانی و ژنی کرد بە دروشم، غەمی ژنانی هەموو جیهان لە ماڵەکەی ئەودا باس دەکرێت، ژن .... ژن .... ژن و ...... .

لە ڕۆژێکی ژناندا کۆمەڵێک لە ژنان بە ژنێکی نا عادەتی ناوزەدیان کردو تاوانی داب و نەریت شکاندنیان دایە پالێ گوایە ئەو یەکسانیەی ئەم داوای دەکات بۆ ئەوان زۆرە

* * * * * *

نزاکانی دەکات بە هاوارێکی بە کۆمەل بۆ مرۆڤ، دژی کۆنە پەرستە مرۆڤ چەوسێنەرەکان، مرۆڤ کوژەکان مرۆڤ چەواشەکەرەکان، ئەم جارەیان بە بەهانەی ئەوەی گوایە چەندین سال پێش گەلەکەی خۆی کەوتووەو لەگەل ڕەوتی پێشکەوتنی مێژوویی نەتەوەکەیدا ناڕوات، هاوار دەکات دەست دەخرێتە گەروویی، سەربەرز دەکاتەوە دەدرێتە بە سەری دا. هەنگاو دەنێت قاچی دەکرێت بە داوادا. بەر نەفرەتی مینبەرەکانی دەخەن. گوایە ئەو پێشکەوتنەی ئەو لە نەتەوە ڕۆژ ئاوایە کافرەکانەوە وەرگیراوە.

لاسارتر دەکەوێتە وێزەی کۆشکە وەهمیەکانیان لەلای خۆشیەوە وای لێک دەداتەوە کە "جێهێشتنی ئەو ڕووبارە لیخنە باشترین چارەیە بۆ گوزارشت کردن".

* * * * * *

زەمەنێکە سلاوی بۆ ئەوشارە نەناردوەتەوە، کە بە عیشقی ئەو دەم و چاوی دەشوات، ئیستا شارێکی سەوز لە ئامێزی گرتووە، پێی دەڵی هەموو بۆچوونەکانت پەسەندن. ولاتی ئەو یەکسانی و ئازادییە کە باسی دەکەیت. فەرموو ئەوە دیمەنی شیرینی دەریا کە هەمیشە بە ئاواتێوەیت.

دەبرێتە سەر دەریا و مەلەوانگەیەکی تێکەلاو، وەکو هێشووە تری پیاوان و ژنانی ڕووتی بە یەکسانی لێ هەڵنیشتووە،

هەموو خەڵکەکە تەماشای دەکەن وزەردەخەنە دەیانگری، چونکە تەنها ئەو پۆشتەیە، بە زۆر چەند جارێک بە دەرگەی ساردوەکە بۆ ئەوەی ئەویش خۆی بگۆری وەکو سەرجەم خەڵکەکەو خۆیان بێتە سەر دەریا بەلام هەولەکانیان بێ هودە دەردەچێت، دواجاریش کە ناچار دەبێت، لە جیاتی (مایو) *بەرمودە و تیشێرتێک لە بەر دەکات بۆ نێو مەلەوانگەکە، سەرەتا سەرسوڕمان هەموانی بێ دەنگ کردبوو، بەلام ڕوانینە پڕواتاکانیان هێندەی شەرمەزار کردبوو. لە شەرم و ڕارایدا مەلەی بیرچوبوەوە خەریک بوو بخنکێت، لە خنکاندنی نێومەلەوانگەکە ڕزگاری بوو، بەلام گاڵتەپێکردن و پێکەنینی هاوەلە نوێیەکانی تووشی خنکاندنی ڕاستەقینەی ناخیان کرد. کاتێک گوێی لە یەکێکیان بوو :-

-ئەم دواکەوتوە داوای یەکسانی دەکات، کە خۆی لە ناو یەکسانی دا جێگای نابێتەوە؟

-بابە ئەمانە بە سەد سالی دی ناگەن بە شارستانیەتی ئێمە، هەتا دوێنێ بەشاخەوە بوون.

www.kurdistannet.org

دوان لەو هاوەڵانەی کە مرۆڤ دۆست ناسراون و حەز ناکەین خۆیان و نەتەوەیان بە ڕەگەز پەرست ناو زەد بکریت، دەیبەنە (کافتریا) یەکەوە کە چەند هەنگاویک لە مەلەوانگەوە دوورە، لەوێ لەگەل کۆمەڵیک لەو کەسانەدا دادەنیشن کە لەو شارەدا بە یاخی ناسراون، پاش ناساندن یەکێکیان جگەرەیەکی بۆگرت :

–ناکێشم سوپاس.

یەکێکیان هەڵدەداتی.

–ڕاستە جگەرە بۆ تەندروستی خراپە بەلام هیچ نەبیت ژنی ڕۆشنبیر پیوستە ڕابیت هەندێ جار بتوانیت لە دانیشتنە ڕۆشنبیرەکاندا وەکو هاوەڵەکانی جگەرەیەک بکیشیت بۆ ئەوەی ئاکاری ئەو نەشاز نەبیت.

پاش چەند ساتیک (بۆیە) کە هات سەر میزەکەی ڕیکخست و فەرمووی لێ کردن هەریەکەیان داوای (بیرە) یەکی کردوو ئەویش داوای شەربەتیکی پرتەقاڵی کرد، دوانیان وەکوئەوەی جنیویان پێ درابیت، بە تورەیی هەڵیاندایە :–

–بە هیچ شیوەیەک نابیت، دەترسیت دەعوەتت پێ بکەین، نەبابە بیرەیەکی بۆبینە.

- ببەخشە من هیچ جۆرە خواردنەوەیەک ناخۆمەوە
- ئاخر خاتوون نابیت، جەنابتان کەسیکی ڕۆشنبیر و لەناو یانەیەکی وادا چەند سەعات گفتوگۆکردن هەر عەیبە لەگەل شەربەتدا بیت.
- لەم کاتەدا چاو بەرز دەکاتەوە بەرامبەری ژنیک دانیشتووە، سەرتاپای بە حیجاب وپەچەی ڕەش دا پۆشیوە، چمکیکی پەچەکەی لادەداو پیکەکەی بەردەمی فڕدەکات. "ئایی خۆ لای ئیمە تەنها باسی ئەم دیمەنەش بکەیت کە بەچاوی خۆت بینیوتە، بڕیاری کوشتنت دەدرێ، سەیرە من داوای ئازادی بۆ ئەو دەکەم، کەچی ئەو لە من ئازادترو ئازاتریشە".

گفتوگۆ گەرمەکەی هاوەڵەکانی لەوی دابڕی وهینایەوە نیو جیهانە جەنجاڵەکەی ئەوان، بینی هەرکەسە سەرگەرمی باسی سەرکیشی و ئەزمونی خۆشەویستی خۆیان دەکەن، خاتونیش ڕەنگی زەرد بووە ودەمی بووە بە تەڵەی تەقیو ووشەیەکی نیە بیدرکینی، تەنها بیر لەوە دەکاتەوەو دەخوازی کەس لەو بارەیەوە هیچی لێ نەپرسیت، بۆ ئەوەی خەجاڵەت بوونی چەند جارەی دووبارە نەبیتەوە، بەلام خواستەکەی زۆری نەخایان کە ئەم جارەیان یەکیک لە کچەکان لیی پرسی :–

–ئەی تۆ باسی چی خۆتمان بۆ دەکەیت، باسی خۆشەویستی یە ڕاستەقینەکان، یان کاتیەکان.

–من ؟ .... من .... لەراستی دا ئەو ئەزمونەم تاقی نەکردوەتەوە، بەداخەوە لای ئیمە ڕاستەقینەش تاوانە، نەک کاتی. کە هەر بوونی نیە.

قاقای پیکەنین هۆڵەکە پڕدەکات، بۆ ئەوەی بۆ دانشتوانی یانەکەی بسەلمینن، کە پیکەنینەکەیان لەسەروو ئیرادەی خۆیانەوە بوو، داوای لیبوردنیان لە بویەکەی کە بەلایاندا تی پەڕی کرد، پاش پیکەنینەکە هەموویان لەژیرەوە سەیری دەکرد و هەندیکیشیان پەست بوون بەو هەموو ئازارو سەرکووت کردن وبێ ئەزمونیەی لە مرۆڤیکدا دەیبینی، هەتا یەکیکی لە هەموویان بەتەمەن گەورەتر گوتی :–

–بۆ کچم تۆش وەکو هەموو مرۆڤیکی دی مرۆڤ نیت.

چاوەکانی پڕ دەبیت لە فرمیسک و هەوڵدەدات بەهیز بیت و نەیتە خوارێ بەلام ئەوفرمیسکانەی لە ناخیەوە سەر دەکەن، ئەسفنجی دەستی بۆیەکەش کۆتایی پێ ناهینیت. سەرەتا دەیەویت هیچ نەلیت چونکە هەمیشە (گوتن) کیشەی ئەو بوون، ئەو گوتنەی لە ولاتەکەی دا بە هەڵە لیک دەدرایەوە ئیستاش لیرە بەهەڵەی پیچەوانە لیک دەدریتەوە، بە دلیکی پڕەوە دەڵێ :–

-بەڵێ مرۆڤم ...... مرۆڤێکی لێوان لیو لە نەخێرەکانی ڕۆژهەلات، مرۆڤێکم ڕەهەندی ڕوانینەکانم پڕکراوە لە ڕشانەوەی کەسانێک کە لە دێر زەمانەوە تاوانباری مێژووی مرۆڤن.

**٢٠٠١/٨/٢٥** شام

*بەرمۆدە :پانتۆڵێکی کورتی تا خوار ئەژنۆیە

کوردستان نێت www.kurdistannet.org